پشت بەست بە دەقی ماددەی دەیەم لە یاسای ژمارە (44)ی ساڵی 2004 یاسای سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان ، ئەنجوومەنی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان لە کۆبوونەوەی یاسایی خۆی ژمارە ( 152 ) لە ڕێکەوتی 2014/1/11 ئەم ڕێنماییەی دەرکرد :-

1- دەرچووانی کۆلێژە ئەهلییەکانی دەرمانسازیی لە ناو عێراقدا پێویستە تاقیکردنەوەی توانستیی زانستیی لەلایەن لێژنەیەکی زانستیی سەر بە ئەنجوومەنی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان ئەنجام بدەن بەمەبەستی وەرگرتنیان بە ئەندام و دەستدانە پیشەی دەرمانسازیی لەهەرێم.

2- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**د.ئەمیر شیت چەلەبی**
**نەقیبی دەرمانسازانی کوردستان**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**
**ژمارە :** 157 **لە** 2013/12/24

**بەیان**

دابەدوای ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە جێ بەجێ کردنی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (9052) لە 2011/8/17 کەلە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (170) لە 2013/11/7 بڵاوکراوەتەوە ، وە لەبەر ئەوەی پرۆژە یاسای چارەسەرکردنی گرفتی زیادەرەوەی لە هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە و قۆناغەکان تەواو بوە هەروەها لەبەر دەرچوونی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو خانووە نیشتەجێ یانەی دەکەونە حەرەمی گوندەکان لە ناو سنووری شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (12)ی ساڵی 2012 و دەرچوونی ڕێنمایی تایبەت بە جێ بەجێ کردنی یاسای سەرەوە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وە بۆ ئەوەی هیچ هاودژیەك لەگەڵ ئەم یاسا و ڕێنماییانە روونەدات

- بڕیارماندا بە ڕاگرتنی ڕێنمایی تایبەت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (9052) لە2011/8/17.

**ئەندازیار/ دلشاد شهاب حاجی**
**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە** ( 21 )**ی ساڵی** 2013